کەمال مەزهەر

بە دەگمەن نەبێ، خۆم وەک ئێستا لە بەردەم شڵەژاندا نەدیوە. ئەو پیاوەی یادی دەکەینەوە و ئاهەنگی بۆ دەگێڕین، «داردۆحە»[1]یەکە، ڕەگی قووڵی بە سەرچاوەی چاکەخوازیدا ڕۆچووە و لقی بەرز و گەورەی داوەتە بەر خۆر و چاوی بینەر ماندوو دەکا و گوڵ و بەری لێ تێکەڵ دەبن و ڕووناکایی و ئاگری لێ دەبن بە یەک، بەڵام بینەر لە هەموو بارێکدا لە بەشەکانی سوودمەند دەبێ و هەرچییەکی لەو دیمەنە دەستکەوێ، دەستی بەتاڵ نابێ و بەشی ئەوەی بەردەکەوێ لە تاریکەشەودا، یا ئاگردوو لەگەڵ خۆیدا ببات یا ڕێی خۆی لە بەری ڕووناک بکاتەوە. هاودەمێتییە بەپیت و گەرمەکانی، کلیلی دەرگای گەنجینە و مەتەڵی هەڵنەهێندراوی پێ داووم و بە درێژایی هاودەمێتی و هاونشینیی و بە قەدەر چوونە ناو خەیاڵ و هونەرەکانییەوە، فەڕ و بەرەکەتی لە بەردەم نیگای بینەر فرەوانتر دەبێ، تا ئەوەی ئەگەر لە والاکردنی ویژدانی خۆی دڵنیا بێ، دەروونی لە گرێی شاردنەوە ڕەها دەبێ و لە گوێچکەدا ڕێچکە دەبەستێ و لە چاواندا دەتوێتەوە و بەرەو قەڵەم و دەفتەر، بە ئاگاییەکی ئاشکرا و شاراوەوە بۆ گشت خوێنەران ڕێچکە دەبەستێ و دەبێتە زەخیرەیەکی باشی دەربڕین و بە بێ ئارەزووی شیکردنەوە هەڵدەقوڵێ و ئەوەش لە میهرەجانی ڕووناکی و دنیای ئەنجامگیری و لێکدانەوەدا، مەرجی مانەوەیە لە ڕابەرایەتیی.

هەرگیز لێم نەپرسی ئاخۆ خۆتەرخانکردنی بۆ مێژوو هەڵبژاردەی خۆی بووە یا هەر خێر ئاوها شکاوەتەوە، چونکە مێژوو ڕووداو و پەرەسەندن و ڕوانین و وردبوونەوەیە و هەرچییەکی ڕووداو بێ کارێکی ئاسانە چونکە دەچێتە بواری ڕۆمانەوە و ئەوپەڕی بەختی لە پلەی باوەڕپێکردندا دووریەتی لە هەڵبەستنەوە و پێچەوانەی قورسییە کە ڕێبزرییە و ڕەنگە ماوەی هەزاران ساڵ بیر و ڕۆح بشێوێنێ. سەرجەمی مرۆڤایەتی بە دەم ئازاری برینی لە خشتەبردنەوە هەتا ڕۆژی ئەمڕۆ دەناڵێنێ، چارەسەریش لە خۆی نییە و شوێنەواری چارەسەر لە دەرەوەی ئازاریش دیار نییە، مەگەر چارەسەر ئەوە بێ نەخۆشییەکە، خۆی خۆی لەکار بخا. ڕووداوێکی چەند گەورە و کارەساتێکی چەند قورسە کە مرۆڤایەتی خۆی دووچاری کردووە ئەوەش تیشکۆی ئەو تاکە ڕووناکییەی هەموو سروشتە و ئەو هاوارەش کۆتایی نییە مەگەر بە خۆلێلادان و خۆشاردنەوە، لە کونجێکی ئاسوودەدا... ئەی ئاسوودەیی هەیە؟

بە بازنەی داخراوی ڕووداودا ناتانسووڕێنمەوە جا چ دڵخۆشکەر بێ چ ناخۆش و چەندیان بێلایەن و چەندیان لە نەفسی خراپەوە هەڵقولابێ یا لە ناخی شەڕخوازدا کۆمەڵ بووبێ: لەوەیە قۆڵبڕێک چەندین میللەتی هەڵخڕاندبێ و لەوەشە چەندین میللەت خۆی بۆ قۆڵبڕێک هەڵخڕاندبێ!. ئایە پەیکەر قسەی دەکرد تا قۆڵیان ببڕێ؟ دەشیانپەرست؟

بەڵام پەرەسەندنی مێژوویی کە دەکاتەوە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، بۆ کێشکردنی بۆچوونی هەمەجۆر لەبارەی ڕوودانیەوە لەبارە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ ئەو خەسڵەتانەی کە مرۆ لە گیاندارانی تر جیا دەکەنەوە، بڕوبیانوو دوور بخرێنەوە، ئەوەش بەوەی کە مرۆڤ تاکە خەلقەندەی ناو بوونەوەرانە کە مەودایێکی زۆری لە پەیژەی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی بڕیوە و لە ژیانی سەرەتایی ئەشکەوت و دارستانەوە گواستیەوە بۆ ئەو ئاستەی بۆشاییەکانی ئاسمان پەی بکا و ئەوەش بەڵگەنەویستە و دەمەتەقێ هەڵناگرێ و خەسڵەتێکی ڕوونە و تایبەتمەندە بە مرۆڤەوە و عەقڵ لە بوونەوەرانی تر جیای دەکاتەوە و لە غەریزەی دووبارەبووەوەی هەمیشەییەوە گەیاندیە پلەی بەڵگەکاری بۆ پێکهێنانی وێنە و پێویستییەکانی بەردەوامبوونی ژیان و هەوڵی مانەوەی لە سەر ئاڕاستەی بەردەوام بۆ گونجاندنی کەرەسە و داهێنانی هونەرکارانە. لە سروشتی شتەکانەوە وا کەوتەوە کە جەستە بە دووی هۆشدا خۆ بگونجێنێ و چ لە شێوە و چ لە باڵادا خۆی ڕاست بکا تا ئاسانتر خۆراک بەدەست بێنێ و خۆی لە بەڵا لابدا و هەستی فرەوان بکا و بەوەش دوو پەرجووی ئەنجام دا، یەکەمیان لە ڕووی گرنگییەوە گۆکردن بوو و بۆڕە و باڕە و جووکە نەیاندەتوانی پێشبینیەکانی هۆش دەربڕن. دووەمیان ئەوەیە پەنجەکەڵە لە ماوەی سەدان هەزار ساڵدا توانی بەرانبەر چوار پەنجەکەی تری هەردوو دەست بگرێ و ئەگەر وا نەبوایە نەدەکرا دەزوو بە دەرزییەوە بکا یا تیر لە کەواندا بەرەو نیشان بگرێ و لە دیوارکردندا هەوڵەکانی دەیان جار قورستر

[1] جۆرە دارێکی زۆر گەورەیە و قەدێکی ئەستووری هەیە و ڕەگی قووڵە. بە فارسیش هەر «درخت دوحة»ی دەڵێنێ و بە ئینگلیسیش هەمان ناوی هەیە... Doha tree. ئەی بۆچی ئەو درەختە بیابانییە، بە کوردیش هەمان ناوی نەبێ؟

دەبوو و کاری ڕۆژێکی، مانگێک و دوومانگی دەخایاند. ئەگەر ڕووبەڕووبوونەوەی پەنجە لە دەستی مرۆڤ بسێنیتەوە، زۆرینەی داهێنانە نایابەکانی هەڵدەگێڕێتەوە و بۆ پەکخستنی ورایییەکەی دەیکەیت بە تەڵە و تۆڕ و ئیدی چ دەستێکی وردەکار بە نیازی چاککردنەوە یا بەکارهێنان، ناگاتە ئامێرێکی میکانیکی. مرۆڤی هۆشمەند، جگە لەوەی پێشکەوتن بداتەوە بە مرۆڤ بە هەموو توانا نایاب و ترسناکەکانیەوە، هیچ مەودایەکی تری نییە چونکە مرۆ خۆی مێژوو و کۆمەڵایەتی و زانست و نەفامی و شەڕ و ئاشتی و بکوژ و کوژراو و هونەری چاکەکاری و جوانیی خەیاڵ و لێهاتوویی جۆرەها شێوازی هەمەجۆرە کە شان لە شانی توانای مەلایەکەت دەدا و لێشی دەوەشێتەوە بەرەو بنی بنەوەی دۆزەخ و ئەسفەلە سافلینی بگێڕێتەوە. جگە لەوەی بوونەوەرێکە دژی خۆیەتی، نموونەی باڵای داهێنەری پەرچووەکانیشە.

چاوەچاویش بۆ پێشبینیکردنی سبەینێیە بۆ زاڵکردنی شتێک بە سەر ئەوەدا کە هەیە و ئەوەشی لە ڕێی شیمانەوە بخەرە سەر کە شتی شاراوە دەرکەوێ یا لە کەرەسەی بەردەستی چاوەڕواننەکراودا کەس ڕێی نییە لە پێشبینی دوێنێوە بۆ ئەمڕۆ، لەوە زیاتر بڕوا کە ئەمڕۆ بۆ سبەینێی دەکا.

هەموو ئەوانەی گوتم و ئەو وردەکارییانەی مێژووش کە خۆم لە باسکردنیان لادا، لەو ڕێڕەوە لۆژیکییە زندووەدا کێشراوە، کە کەمال مەزهەر بە هەڵکۆڵینی زیاتری سەرچاوەکان چالاکییەکانی مرۆڤیان پێ حیساب دەکا و بەهایان دادەنێ، تا بە گیانی سەردەمانە شێوازیان هەڵدەبژێرێ و بە کەسانی ڕابردوویان بپێوێ لە گرێی دروستکردن ڕەهایان بکا. ئەوجا ژێی کەوانەکە خاو دەکاتەوە و بۆ قەبوولکردنی لاوازترین ڕێتێچوو ئامادە بێ بە مەرجێ بە شێوەیەک لە شێوەکان بسەپێ کە ئەوە هەڵبژاردەی مێژووە ئەگەرچی مێژووش چ دەڵێ با بڵێ، وەک ئەوەی پاشای کۆترباز سوپاکەی بۆ وێرانبوون لێگەڕاوە بۆ ئەوەی ئارەزوویەک بەدەست بێنێ، وەک ئەوەی دەست بە باڵێکدا بێنێ یا پەڕێکی شێواو هەڵکێشێ و زانیومانە نیرۆن بە دڵی کراوەوە بە دیار ڕۆمای ئاگرتێبەربووەوە موسیقای دەژەنی و شیعری دەنووسی.

کەمال مەزهەر، مێژوونووسە و باسی ڕابردووت وەک یەک یەکەی پێکەوە بەستراووت بۆ دەکا، هەناسە دەدا و دەبزوێ. نەچووە وەک پزیشکێک تەرمێک بێنێ و هەڵیدڕێ یا ئەوە بکا کە هەندێ قەساب بە بەرخی سەربڕاوی دەکەن. نە تەرمە بێگیانەکە ئەو پیاوەیە کە ناسیومانە و بۆ بەردەوامی ژیان ناهەمواری هەموار دەکرد، نە بەرخەکەش ئەو کەرتوپەرتە بڕاوەی بەر دیدی فرۆشتن و کڕینە کە پێشتر دەڕۆیشت و ئالیکی دەخوارد و دەلەوەڕا. مێژووش لە کاتی خۆیدا بە بێ ئەو پەرژینە عەقڵانییە فەلسەفییە دەبزوا، کە هۆشمەند و شارەزایان هەڵیانچنیوە و پێشەکی و ئەنجامگیرییان لە سەر کاغەزی لووس بۆ داناوە. بە خوای کەعبە زیاتر ڕێی تێدەچێ مرۆڤایەتی لەو کۆمەڵە خەڵکە پێکهاتبێ کە پاشماوەی سەردەمەکان بن و بە سەر یەکدا کەڵەکەبووبن و ملی یەکتر بگرن و دراوسێ پەلاماری دراوسێ بدا و ڕستەی بێئامانج بجوونەوە، نەک لە سستەمی ڕیزبوون و هاوئامانجدا و ڕستەی هاوئاواز گوترابێ و بە ڕێنمایی دانایەکی سەر مینبەری خیتابدان، یەکێ لابرابێ و یەکێ دانرابێ.

کەمال مەزهەری مێژوونووس، خۆی لە چنگ بڕیاری پێشدەست و ڕێسای داڕێژراو و ناچاری دەرباز کردووە و بۆ گەیشتن بە ڕاستی، چەندیش تاڵ بووبێ، ویژدانی خۆی کردووە بە پێشڕەو... نەخۆش بەوە چاک نابێتەوە هاشا لە نەخۆشییەکەی بکرێ و دەرمانێک ڕاڕایی داینێ چارەسەر نییە: مەحاڵە بۆچوونی فەلسەفی و سیاسی لە بارەی مرۆڤەوە ڕاست دەربچێ ئەگەر تەواو لە سروشتی مرۆڤ تێنەگەیشتبێ و شانبەشانی ئاستی تێگەیشتن نەڕوا و مزێجی قەبووڵی نەبێ و شتی نەشیاوی بە سەردا نەسەپێنێ. بەڵام ئەگەر بە زەبری قامچی بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی دەروێشایەتییەک ناچاری بکا تا بیسەلمێنێ بۆچوونەکەی ڕاستە، ئەوە هەر خۆی بەڵگەی ئیفلاسکردنی بۆچوونەکەیە لە هەموو ڕوویەکەوە و ئەو نەهاتوویی و شەرمەزارییەی بەسە بە شایەدی لایەنگری نیوەنوستوو و خەسێندراوی بەمێکراوی وا جێگیر بێ کە زمانی تووتیئاسا بە گۆشەی دەمیاندا بێ و بچێ... پەنا بۆ خوای خۆرهەڵات و ئەو بەیانە دەبەم کە پێکیانەوە دەنووسێنێ کە هیچ گەردێکی گومان لە سەر ئەوە نەنیشتووە کە دەڵێم جێپێی ئەوانەی ڕووناکایی دۆزینەوەی سپی و بێخراپەکاری ڕۆشنبیریی خاوێن و هونەری باڵا و هیوای بەرز بە دەستیانەوە دەدرەوشێتەوە، دروستکەری شارسانەتیی شایستەی ئادەمیزاد و سەربازی هەقن لە بەزاندنی ناهەقی و لە تاریکەشەودا، پڕژێنەری ڕووناکین. ئەگەر ئەوانە لە شەوەزەندا مۆمێکیان داگیرساندبێ و شەڕخوازێک لێی دزیبێ و خەرمانێکی پێ سووتاندبێ یا زانایەک نهێنیی ئەتۆمی ئاشکرا کردبێ و دەرگای

له سەر هۆشی مرۆ بەرەو پشتەوەی وەهمی سەر زەوی و ئاسمان کردبێتەوە و دەست کەسێ کەوتبێ ئەمانەت ناپارێزێ. هەتا ئەم کاتەش مەترسیی داهێنانی زانستانە لەوەدا بنبڕ نییە کە بۆ وێرانکاری و تاوانکاری بەکار بهێندرێ و ئایە چەقۆی چێشتخانە و شمشێری بەرگریکردن لەوە دوور کەوتوونەتەوە سیحر بە سەر سیحربازدا بشکێتەوە؟. ئەی بۆ بەدبەکارهێنانی دەرمان، لە ڕووی نەزانییەوە یا بە مەبەست دەڵێن چی؟. زانا و داهێنەرە لێهاتووەکان سەر بە هەر ئاین و ڕەگەزێ بووبن، لە واقعی ئێستا و لە ڕابردوودا، زەیتی چرا و تەزووی کارەبا و ڕووناکایی چاوون ئەگەر قەومێ هۆشی هەبێ.

لە سەرەتای حەفتاکاندا، ڕێگەم بە ڕێگەی کەمال مەزهەر گەیشت ئەوەش لە هاوپیشەیی کۆڕی زانیاری کورددا و جگە لە ناوی و شەهادە زانستییەکەی، هیچی ترم لە بارەیەوە نەدەزانی بەڵام کتوپڕ لە دانیشتنێکدا کە بۆنوبەرامی چاکەی ئاشکرای پەخش دەکرد و ئادابی خۆڕسکی دانیشتن، هەستم بە ئاسوودەییەکی زۆر کرد لەگەڵیدا و نەشمدەزانی یەکەم سەرنجی لە سەر من چۆنە بیریشم نایێ ئەوەم لێی پرسیبێ و لێشیناپرسم. ئیدی خەسڵەتمان یەکانگیر بوون و دواتر لەگەڵ ڕۆژگاردا، بۆچوونیشمان لە کاری بچووک و گەورەدا ئەوەندە تەبا بوون، هەردوو لای هاوکێشەی بۆچوونمان، بە ئەرێنی یا نەرێنی هاوسان بوون، تەنها لە یەک خاڵی بچووکدا نەبێ کە لە ناوەڕۆکدا گەورە بوو ئەوەش ئەوە بوو، ئەو لە بیانووهێنانەوە بۆ خراپەکاری بەرانبەری، لە من چالاکتر بوو و منیش هەر بە پشتگوێخستن وازم دەهێنا چونکە ئەوەی خراپەی بەرانبەرم دەکرد، لە ئاسوودەکردنی خۆی ئازاد بوو جا بریندارم بکا یا خۆی لادا یا داوای لێبوردن بکا و خوداش چاوپۆشی لە هەموو گوناهان دەکا.

کەمال مەزهەر، لە تەرازووی مندا، گران گرانە، گەورە گەورەیە، بەرز بەرزە، لە هەموو ئەوانەشدا، مانگ بە مانگ و ڕۆژ بە ڕۆژ و سەعات بە سەعات، گرانی دەخاتە سەر گرانی و گەورەیی دەخاتە سەر گەورەیی و بەرزی دەخاتە سەر بەرزی و ئێستا لەو کاتە بەرزترە کە هاتە هۆڵەکەوە و لە سەر ئەوەش سەعات و ڕۆژ و مانگی بەرزییەکەی، بەردەوام حیساب بکە. من دەچمە سەر یەکێ لە خەسڵەتەکانی کە یەکێکە لە دنگەکانی سەلماندنی واقیع. لە باسکردنی زانستەکەیدا بەرەو ئەو پەراوێزە لام دا، کە بە مرۆڤبوونیەوە پێچراوە و زانستیش شتێکە و بەدەست دێ و دەکرا بەهۆی بەربەستێکی نێوان ئارەزوو و ئامانجەوە بە دەستی نەهێنێ بەڵام (وەفا) خۆڕسکە و بەشێکە لە بوونی مەعنەویی بنیادەم و پلەی خەڵکیش لەم بوارەدا جیاوازە و هەیە بەرزە و هەیە مامناوەندییە و هەیە دامێنە و هەیە نییە. ئەو وەفایەی لە کەمال مەزهەردا دەیبینم، دۆخێکە وابەستەبوون و تێکئاڵانی نێوان خەسڵەت و خەسڵەتدار کە دابڕانیان بۆ نییە چونکە ئەگەر پێچەوانەی سروشتی خۆشی وەستایەوە، بۆ مەبەستێکی دڵی یاقووب، دەیبینی خۆی وەردەگێڕێ و دووی وەفا دەکەوێ و بەرەو لای دوژمنێکی کوشندە ڕادەکا، کە چەند ساڵێک لەوەبەر، یەک جار سڵاوێکی لێ کردووە. وای دەبینم لەم بوارەدا، قوتابییەکی گەورەی ئەبوو زەڕی غیفاری بێ کە لە قسە بەناوبانگەکەیدا کە بە کەسێکی گوتووە پێشتر ئازاری داوە: جنێو مەدە و جێگەی ئاشتەوایی بهێڵەوە چونکە کەسێ کە بە هۆی ئێمەوە لە خوا یاخی دەبێ، لەو چاکەیە زیاتری لەگەڵدا ناکەین کە بە هۆیەوە، ئیتاعەی خوا بکەین. بەڵام ئەوەی لێرەدا لە بارەی نواندنی باڵی گوێڕایەڵی ئاماژەم پێی دا، هی کاتێکە بەدکاری بەرانبەر خۆی کرابێ بەڵام گەر بەدکردەییەکی پاشملە ڕووی لە ئاشنایەکی چاکەخواز بێ یا سووکایەتی بە بەهایەکی پیرۆزی خۆی بکرێ یان بە مەبەست هەڵوێست و هەڵوێست و ڕووداوێک بشێوێندرێ، ئەم باڵنواندنە دەگۆڕێ و دەبێتە خەباتێکی بێوچان چونکە کەمال مەزهەر، سەودا لەسەر گوناهی وا گەورەدا ناکا، مەگەر گوناهکارەکە بگەڕێتەوە سەر ڕاستەڕێ... لەو بابەتە هەڵوێستانەدا گردەبڕ و ڕیشەییە و بە یەقینەوە پێداچوونەوەی ناوێ، بەرانبەرگرتن هەرچییەکی لە سەر بکەوێ و ئەنجامەکەی چەند گران بێ کە توانا بە سەریدا نەشکێ و نەفس بۆ نەختێ چاوپۆشیکردن هان بدا. بەڵام کاتێ بۆ بەرگریکردن لە بابەتی بەرز بەرانبەر لووتبەرزی بۆتەوە، هەستم بە حەسانەوەی دەروونی و لەخۆڕازیبوونی کردووە و ئەو خۆی لە دادگاییکردنی خۆیدا، خەڵاتی خۆی دەکا و خۆی شایەدە و خۆی داواکاری گشتییە و خۆی حاکم و حوکمدراوە و هیچ دادگایەک نابینم وەک کەمال مەزهەر دادپەروەر بێ کرێی هەموو خەسڵەتێکی پێنج خەسڵەتەکە بدا وەک موجاهیدێک بۆ جێبەجێکردنی هەق لە خۆی گرتوون و لە دوای هەقیش، تەنها لاڕێ هەیە. بەڵام هێشتاش ئەوە سەرەتایەکی ساکاری ژیانی کەماڵە!.

ئەو سەکۆیەی کەمال گەمەی وەفای لەسەر دەکا، ڕووبەری فرەوانە و بڕیاری قووڵە و ئاسۆی بەرزە و کاتێ چەرخی زەینی خۆی بۆ وردبوونەوە لە بەهای پیرۆز لێدەدا، ڕووحی بە گڕی سووتێنەرەوە بۆ بەڵگەی بەدوای یەکدا دەچێ کە پیرۆزی ڕەسەن لە ڕایەڵی بووندا هەیە نەک لەبەر ئەوەی داهێنانی وەهم و پێداویستیی مرۆڤن و بەس بەڵکو چاوتروو کانێک و مەودای هەناسەیەک پڕن لە پەرچووی پەرچووەکان و ڕێی تێ ناچێ کاری ڕێکەوت بێ؟. لە نەبوونی حیکمەتدا، بارودۆخ لە هاوکاریکردنی لێوی منداڵە کۆرپەیەک کە تازە لەدایک بووبێ، بۆ مژینی مەمک ڕێک دێ و ئەوەش یەکێکە لە توێژاڵی پەرچووی ژیان بە ملیارەها ساڵ کە ژیان بە ماددەی مردوودا گەڕاوە و زۆر ڕێی تێدەچێ هەموو پێشکەوتنەکانی تری چەندایەتی و چۆنایەتی بە شێوەی حەتمی، کە جێگرەوەیان نییە، بە دوادا هاتبن... ملیارەها هۆکاری دوای ئەوە لە سەر هاوکێشەی وا ئارامیان گرت کە بەردەوامی ژیانیان تێدایە ئەگەرچی سروشت توندوتیژیش بووە. هەڵوێستی کەمال مەزهەر لەوەدا سەیر نییە کە دوای ئاسوودەیی هەڵلای ئینکارکردنی نایابی و جوانییەکانی ژیان نەکەوت. ئەو کە لە ڕووداوێکی ڕێڕەویدا خۆ بە دەست هۆکارێکەوە نەدا مەرجی قەناعەت پێکردنی تەواو نەبێ، چاوەڕوانی ئەوەشی لێ ناکرێ نەبوونی هۆکاری خەلقکردن قەبووڵ بکا کە لایەنی داهێنان تێیدا هەموو ئەو هۆکارانە ببەزێنێ کە لە کاتی خولقانیەوە هەن تا ئەم چرکەساتە. ئیتر با شۆڕشی فەرەنسا و بەلشەڤی و قەسابخانەی (قصر النهاية) بۆ ئەو جێیە بچن کە بۆی چوون. کەرامەتی هۆکار چییە ئەگەر کۆتایی، بۆ ماوەی دەیان ساڵ بەهای مرۆڤایەتی بە هەدەر دابێ؟. ئایە ناشرینی کۆمەڵێ لادان بەرەو زۆرداری، لەگەڵ باڵی درەوشاوەی باڵی پەپوولەی بەر خۆری بەهاردا دەردەکەوێ؟.

وەفای کەمال بە سەر زەویدا پەخش دەبێ و بێزمانەکانیش دەگرێتەوە لە ئازاری دوور دەبن. بە جۆرێ عاشقی گیا و گوڵ و دارە، جنسەکەی تر تووشی دڵپیسی دەبێ و لەوەشەوە سەر دەکا و دەگاتە کتێب و دەفتەر و قەڵەمەکانی کە سۆزی دەیانگرێتەوە و گرنگییان وەک لە ڕیزی زندەوەراندا بن، پێ دەدا... ئەو کتێبەی بە لاوە پیرۆزە کە لە ڕووی مێژووییەوە بە جۆرێ هاوکاری دەکا کە ئینسافی تێدابێ بە تایبەتی ئینسافێ کە گەلە لاوازە تێکشکاوەکان بنرخێنێ، لەوانەش گەلی کورد: کەمال، ئا لێرەوە جیهادە هەرە گەورەکەی لەگەڵ نەفسدا بەرپا دەکا تا بەرانبەر گەلێکی دی لە هەق لانەدا و سووکایەتی پێ نەکا و تەنانەت لەگەڵ ویژدانی نەخۆشی و قەوم و قیلەی تریش وایە کاتێ فشەنازی ئەوە دەکەن بە سەر قەومێکی بێدەسەڵاتدا زاڵ بوونە کە توانای بەرگریی نەبوو و ئەوانەش بە خۆهەڵکێشی درۆزن دەزانێ کە دوو جاران نەفرەتلێکراوە: لە شاردنەوەی کارە هیچەکەی بە خۆ بەزلزانین بەرانبەر بە قەومی غەیری خۆی کوڕانی قەومەکەی خۆشی لە شەڕی نەفسە تورەهاتەکەی دەرباز نابێ چونکە لە هەموو زەمانێکدا کوردێک یا پلوجێک ناچار ناکا خراپەکاری خۆی بەرانبەریان بخاتە کار بۆیە بە زەرووڕەت بۆ سووربوون لە سەر بەدکاری یەخەی خەڵکی مەیللەتی خۆی دەگرێ کە لە پلەی باوکی و دایکی و برای و خوشکی و کوڕی و کچیدان. ئەگەر ئەو کەسە نزیکانەشی دەرباز بن، دراوسێکەی جێیان دەگرێتەوە و هەمووان لە پەژارەدا ڕۆژهەڵاتین و پەژارەکە خۆشی ڕۆژهەڵاتییە هاوردە نەکراوە و لەدایک بووە و بەزۆر وای لێ نەکراوە لەدایک بێ بۆیە مەودا نییە لۆمەی خەڵکی تری پشتی کێوی قاف و دوورگەکانی واقواق بکەین...

کەمال مەزهەر لە وەفا کوردییەکەیدا دەروێشێکە درکی بە ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان کردووە بە جەزبەی سۆفیانە دەلەرزێ و ئەوەی بە بنی کەشکۆڵەکەیەوە نووساوە، ڕەنگە ڕێی هەڵە کردبێ. لێرە دەنکێک هەڵدەگرێتەوە و لەوێ گوڵەگەنمێک لەوێ کە ڕەنگە لە کۆڵی کەسێ پەڕیبێ یا لە دەستێکی ماندوو خزیبێ و ئەو لە هەموو ڕوویەکەوە هەڵگرەوەیە و لە هەموو ڕوویەکەوە، لە تای تەرازووی چاکە و خراپەدا کە سپرنگی لێی دابێ، ڕەت دەکاتەوە.

کەمال مەزهەر، لە یەکەم هەستکردنیدا دەستی بە ململانێی نەتەوایەتی کرد و بە چەکی بیر و هۆش خۆی پڕچەک کرد، دوای ئەوەی بنکڕی هەستیاری و توندوتیژی هەرزەکارانەی و نابەکامی لە سینگی خۆی دەرهێنا لەوەشدا سەرەتاکانی نێونەتەوەیی کە بە شێوەی سوودبەخش هات نەک زەرەربەخش، بۆ وەلانانی نەتەوایەتی دوژمنکارانە هاوکاری کرد و پێیدا بە پۆشاکی ڕۆشنبیریی خاوێن و هەستی تێکۆشانی پاکەوە چووە بواری نەتەوایەتی بەرچاوڕوونەوە کە نە توندڕەوی هەبوو نە زیادەڕۆیی و بە سەر ڕێی ڕاستدا بەردەوام بوو. کاتێ چۆڕایی ڕووحی خۆی و گەرمایی باوەڕی و نووری ویژدانی دا بە کورد و کوردستان، هەموو بەهایەکی مرۆڤانەی بەڕێزی دینی و دنیایی لا بەرجەستە بوو و بە دەنگی شتە بەڵگەنەویستەکانەوە چوو تا بگەنە کەسوکار و دراوسێ و ئەوانەی بە زمانی خۆی قسە دەکەن و لە یەک سەرچاوەوە

هاتوون و وەک خۆی لە بیستوپێنج سەدە لەوە پێشەوە، دووچاری کارەساتەکانی مێژوو بوونەتەوە و جیهادەکەشی وەک جیهادی تێکۆشەرانی تری کورد تاموچێژی تایبەتی هەبوو ئەوەش چڕی ئەو زوڵمانەیە کە بە سەر بوونی کورددا سەپاوون و لە هەر کوێ بووبێ و هەر کاتێ زوڵمی لە توانا بەدەری تووش بووبێ، یاخی بووە و بە سەریدا سەپاوە یەکەم لایەنگری لە دەسەڵاتدار بکا و لێی قەدەغە لە نیشتیمانەکانی خۆی، لە دەرەوەی عیراق، بووە لایەنگری خۆی بێ و تا زوڵم گەیشتە ئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە، بوونی ئینکار بکرێ. با کەس گومانی ئەوەی نەبێ کورد دنیا ژێر و ژوور دەکا چونکە ئەوپەڕی توانای ناگاتە ئەوەی دەست بۆ غەیری خۆی بەرێ و زەرەر یا ئازاری پێ بگەیەنێ چونکە ڕەگەزپەرستیی شەڕخوازانەی دەسەڵاتداری پرچەک و پارەدار و قسەڕۆیشتوو، سەرگەرمییە.. بە گوێرەی ئاماژەکانی ئێستا لە ئاسۆی بەر چاودا سێبەری ڕێتێچوون بۆ ئەوە نییە کورد بە جادوو و داستان تەونی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵتەکێنێ، کە بەرژەوەندیی گەورەی لە پشتەوەن کە لایەنگری بەردەوامبوونی ئێستایەتی و کورد لە ڕابردووشیدا چەکی بۆ بەرگریکردن نەبێ، هەڵنەگرتووە و کۆتاییەکەشی خەسارەتی مەزن بووە. تێکۆشانی عاقڵانە نەبێ، ڕێگەی تر لە بەردەمی کورددا نییە ئەوەش ئەگەر دەسەڵاتداران لە نیشتیمانەکەیدا ڕێی پێ بدەن. کەمال مەزهەریش، چالاکانە و بە باوەڕەوە، دوور لە پاڕانەوە و سواڵکردن، ئەو ڕێگەیەی گرتۆتە بەر و نەوەکانی ڕابردوو سەلماندویانە لە بازاڕی سیاسەتدا بەزەیی ئیفلاسی کردووە، بە تایبەتی لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا کە برا برای خۆی لە سەر پلەوپایەی قایم کە نەفس دەیەوێ دەکوژێ. هەرچی قسەی دەرەوەی ئەوە هەیە، یا وڕینەی نەزانینە یا تەڵەی ڕاوە و ڕەنگە بۆ دڵڕاگرتن، لە دەربڕیندا جوان و ڕازاوەش بێ. یەک تەماشاکردنی گۆڕەپانی عارەب بە بیست ئالاوە کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵکراوون و خاوەنی یەکەم کۆگای نەوتن لە جیهاندا و بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و خاڵی پێکگەیشتنی هەر چوار ئاراستەدا بە زەریای ناوەڕاست و کەناڵەکەی ئەو زەریایە و زەریای سوورەوە ئەوجا خەلیجی گەرمیەوە، کە دەربڕینی شارستانی و شارەزایی مێژوویی و کۆکردنەوەی پارچەکان و دوورینەوەی هەڵتەکاو و تێپەڕکردنی سەردەمی هەرزەکارییان... بیرهێنانەوەش سوودی بۆ ئیماندار هەیە!. ئەگەر ئەو کوردە چاوبەسراو و دەست شەتەکدراوەی توانای بە سەر چارەنووسی خۆیدا ناشکێ، لا بدا گلەیی لێ دەکرێ؟. ئەوجا من لۆمە دەکرێم ئەگەر هیوام بە پێشکەوتنی شارستانەتی جیهانی پێشکەوتوو هەبێ تا بێن و قامچی بەدەست ڕازی بکەن لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کورددا، دەست لە خەرجی بەندیخانە و فیشەک هەڵگرێ تا نەختێ بەو هیوایەوە کاتی مردنمان دوا بکەوێ خەباتی کەمال و تێکۆشەرانی وەک ئەو کە باوەڕیان بە مرۆڤایەتی مرۆڤ هەیە و کەرامەتیان بە لاوە پیرۆزە لە ئاسۆ دەرکەوێ، ئیدی گەل و عەشرەت بن و لە بەر ڕۆشنایی و ڕەحمەت یەکتر بناسن «رجال صدقوا ما عاهدوا الله عليه فمنهم من قضى نحبه ومنهم من ينتظر وما بدلوا تبديلا» و سڵاو لە بە ئینسافەکانە هەردوو دنیا...

مەسعوود محەمەد، بەغدا    1997-03-11

تەرجەمەی حەکیم کاکەوەیس، سوێد 25-03-2017